# پرۆژەکەی دی مستۆراوخەونەکانی کورد

**ئومێد مەحمود**
omeedmahmood@yahoo.com

پاش چەند مانگ لە هاتوچۆی مەکوکیانەی لیژنەکەی نەتەوەیەکگرتوەکان بە سەرپەرشتی دی مستۆرا لەنێوان حیزبو لایەنەکانو ...، پرۆژەیەکی ئامادەکرد کە بەبەپێی میدیاو راگەیاندنەکان، بەکۆی دەنگ سەرکردایەتی کوردستان رەتیان کردوەتەوە..

هەموو ئەو پێشنیارو راسپاردانەی پرۆژەکەی دیمستۆرا کە خستوویەتیە روور وەك سەرکردایەتی کورد ئاماژەی پێداوەو جەختی لەسەر کردوەتەوە، (رەچاوی دەستووری عێراقی پەیوەست بە مادەی 140 ەوە نەکردوە)و زیاتر خوێندنەوەی لیژنەکەیە بۆ واقعێکی بەرجەستە لەئەنجامی ئەو پێدراوە بەراییانەی لەمیانەی گفتوگۆو تاوتوێکردنەکانی لەگەڵ لایەنو تاکو گروپەکانی نێو ململانێکاندا دەستیان کەوتوە.. ئەم خوێندنەوەیەی لیژنەکەو هەڵوێستیان سەبارەت بە بەو پرسەو کێشەیەی کە ئەوان لەپێناویدا چەندین مانگ ماندوبونە، چەندە نزیکە لەداواو هەستو ئاواتەکانی لایەنە کوردیەکانو کوردی شاری کەرکوك پێدەچێت لیژنەکە ئەوەندە بایەخو گرنگیی پێنەدابێ، چونکە لیژنەکە پێشوەخت لەسەر بنەمای چەند پرانسیپێکی دیاریکراوو پرۆژەی دیاریکراوی وڵاتو لایەنە جیهانیو ئیقلیمیو ناوخۆییەکانی عێراق کاریان کردووەو هەر بەو ئاراستەیەشدا ئەنجامەکانیان هەڵێنجاوە.

هەڵوێستی توندی ئێستای سەرکردایەتی کوردو رەتکردنەوەی ئەو پرۆژەیە بەو شێوەیەی ئێستای .. جێگای گومانو هەڵوەستەکردنە، چونکە هەڵوێستەکانی پێشووی سەرکردایەتی هەر لەمەڕ ئەم مادەییەوە چەندین جار بە هێڵی بەیانی جۆراوجۆردا رۆیشتوەو بەخشکە زۆربەی بڕیارەکانی هێزە دەرەکییەکان سەپێندراوە بەسەر خەڵکی کوردستانداو سەرکردایەتیدایش لە دوا ئەنجامدا بێدەنگیی هەڵبژاردوە یاخود پاساوی بۆ هێناوەتەوەو تێیپەڕاندوە..

پێشنیارەکانی لیژنەکەی (بیکەر ـ هاملتۆن) لەسەرەتادا زۆر بەتوندیو سەرسەختانە بەرەنگاری وەستانەوەو رەتیانکردەوەو بەوەش بڕوایان بە خەڵکی هێنا (کە ئەم پێشنیارەی لیژنەکە (ملزم) نیە، بۆیە جێگای مەترسیی نیە.. )بەڵام رۆژگار بۆی سەلماندین کە هەمان ئەو پێشنیارانە بوون بە بڕیارو خاڵ بە خاڵی لەلایەن ئیدارەی ئەمریکاو هاوپەیمانانەوە جێبەجێکرانو جێبەجێ دەکرێن.. بەمەش خەڵکیان بێ ئومێدکردو بڕواو چاوەڕوانیەکانیان لە سەرکردایەتی لاواز کرد.. دواخستنی جێبەجێکردنی هەر ئەم مادەیەش لەسەر پێشنیاری ئەو لیژنەیە بوو، وەك چۆن ئێستا وا بەرەو هەڵوەشاندنەوەی دەبن، بێگومانیش لە دوا ئەنجامدا شتێکی تێدا دەهێڵنەوە تەنها ناوی مادەی 140 بێت، ئەگینا ناوەڕۆکەکەی بەو هەموو کەمو کوڕیو فشۆڵییەی بۆ چارەسەرکردنی رادیکاڵیانەی کێشەی نەتەوەیی کورد.. دەکرێتە قوربانی چەند هامشێکی خوارەوەی لاپەڕەکانی مادە دەستوورییەکە! ئەوسا سەرکردایەتی کورد دەبێ چیمان پێبلێت تا بڕواو قەناعەتمان پێبکات کە (مادەی 140 هێڵی سوورە)؟

بەپێی هەندێ سەرچاوەش بێت کەلە هەندێ ناوەندی سیاسی کوردیدا دزەیان پێکراوە، هەموو بڕگەکانی مادەی (140) لە قەرەبووکردنەوەو گەڕاندنەوەی ئاوارەو ...تاد ، جێبەجێ دەکرێن، ئەوەی کە ئەستەمە یەکلاییکرێتەوە، پرسی خاكو سنوورە. پێدەچێ ئەو پێشبینییەی کە کاتی خۆی بەرپرسێکی ئەمریکی بە یەکێك لە بەرپرسە کوردەکانی وتوبو، کە (هەتا ئەمریکا لەم وڵاتەدا بێ، کەرکوك ناچێتەوە سەر هەرێمی کوردستان) بێتەدی دیو خەونەکانی کوردیش هەر بەخەون بمێننەوە.